شیعری وەرگێڕاو

ریچارد براتیگان

# دەبێ هەرکچێک شیعرێکی هەبێت

و: حەمە عەباس



سێیەمی نۆڤێمبەر
لە کافتریا دانیشتووم و
کۆکا دەنۆشم
مێشێک لەسەر کلینکسەکە خەوتووە
بۆ سڕینەوەی چاویلکە
دەبێ لە خەو هەڵی سێنم
تا کچە جوانەکەی پێ ببینم

دار
وەک درەخت
لە تاریکیدا پیر دەبین
رۆحیشمان دەبینین
کە جلە دارینەکانیان دەگۆڕن
***

تەنها دار
قسەی کۆتایی دەکات

**تا درەنگان عەیش و نۆش بەردەوام بوو**
تا درەنگان عەیش و نۆش هەر بەردەوام بوو
بەڵام دوا جار
بە تەنها چووینەماڵەوە
تا لەگەڵ خۆمان تەنیا بین
هەموو شت
وەک لقەکانی دار وابوون
دوای وەستانی با



**دەبێ هەر کچێک شیعرێکی هەبێت**
دەبێ بۆ هەر کچێک شیعرێک بنووسرێت
تەنانەت ئەگەر ناچار بیت
ئەم دونیا نەفرینبارە
سەراو ژێرکەیت

**٣٠سەنت، دوو کرێ، عەشق**
لە کاتی سواربوونی پاسدا
هێندە بیرم لە تۆ دەکردەوە
٣٠ سەنت کرێم داو
گوتم: دوو نەفەر !
لە بیرم نەبوو کە تەنهام !

**پیشەیی، بێ مەترسی، ئارام**
تفەنگدار با بە دەستی خۆی دەگرێت
پایز و بەهار بە دزییەوە

به بەرچاوییەوە تێ دەپەڕن
چاو ناترووکێنێ
ئەو کاتەی یەکێکیان دوایی بە گەلاکان دێنێ و
ئەویتریش دەیانخاتە دەستپێکەوە
تفەنگدار
هاوڕێی گۆڕانی وەرزانە

**مۆمێکی قەسەخۆش**

دوێنێ شەو لە ژوورەکەمدا
مۆمێکی قسەخۆشم هەبوو
ماندوو بووم
بەڵام دەمویست
قسە لەگەڵ کەسێک بکەم
مۆمێکم داگیرساند
گوێم بۆ دەنگی نەرمی ڕۆشناییەکەی هەڵخست
تا خەوم لێ کەوت



**گەنمەشامی**

چ خەیاڵێک لەسەروەختا
وەک ژوورێکی سپی بۆ پشوو
بە پەردەی زەردی شۆڕەوە
***
ئەمشەو لە ئامێزی دەگرم و
دەخەوم
***
هیواخوازم خەونەکانم
پڕبن لەو ژنانەی
گەنمەشامی دەخۆن

## سەدەف

"پەنی"یەک بە جۆرێک خەرجکە
وەک ئەوەی دۆلارێک خەرج بکەی
دۆلارێک بە جۆرێک خەرجکە
وەک ئەوەی هەڵۆیەکی بریندار خەرج بکەی
هەڵۆش بە جۆرێک خەرجکە
وەک ئەوەی ئاسمان خۆی خەرج بکەی

## ڕێنماییی چوونە ئاسمان



دەیەوێ بچێتە ئاسمان
لەنێو پاس لە تەکمەوە دانیشتووە
ڕێنماییی چوونە ئاسمان دەخوێنێتەوە
نینۆکی قامکی گەورەی
لە گەورەترین ئەو نینۆکانەیە
کە تا ئەمڕۆکە بینیومن
ئەو لە خەیاڵی خۆیدا
بیر لە جووڵەی باڵندە دەکاتەوە و
من بە نینۆکییەوە ئەبڵەق ماوم

## سێبەری پەڕیوە ڕەنگی مێروولەی ترساو

سێبەری پەڕیوە ڕەنگی مێروولەی ترساو
دەیەوێ ببێتە هاوڕێت
بە منداڵێتیت ئاشنا بێت
لەگەڵتا فرمێسک هەڵوەرێنێ
***
دێت
لەگەڵتا بژیەت
سەرچاوە: خانه ای جدید در آمریکا، ریچارد براتیگان